# شەهید شوانە، ڕەمزی خەباتی نوێ



**ئارتیکا کوردی**

1368/4/22ی هەتاوی تیرۆری کەسایەتی مەزنی کورد دکتر قاسملووی نەمر، پیشانی دا، داگیر کەران هەرگیز باوەڕیان بە دیالۆگ و چارەسەری کێشەی کورد لە ڕەهەندە دیمۆکراتیکەکانەوە نەبووە و نابیتن...چ زەمانێك دەخایێنی تا لە کوردستاندا د. قاسملوویەکی دی دەرکەوێ و بەهێزی دیپلوماسیەت و سیاسەت و خەباتی چەکدارانە بەرەو دەستە بەر کردنی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد هەنگاو هەڵگرێ. لە کاتێکدا کۆماری وەحشەت و تیرۆر لە دوا هەناسەکانی خۆیدا، قاتڵەکەی د. قاسملووی نەمری، بە دەیان پیلان و پلان و پرۆگرامی ڕەنگاورەنگ بەرەو کۆشکی سەر کۆماری لە شەقامی پاستۆری تاران ڕەوانە کرد، کورد، بە کەمترین ڕێژە لە شانۆی کۆمیدیکاڵی هەڵبژاردندا بەشداری کرد، چونکە دەیزانی لە مەملەکەتی نەوت و تاڵان و کوشتن و ویلایەت فەقیەدا هەڵبژاردن شانۆیە کە و سناریۆ نووسەکەش جەنابی ئاغای سەید عەلی خامنەیی!

هەر بۆیە تەشکیلاتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان RUK وەك هەڵوێستی حیزبەکەی بەرەو رووی ریسوا کردنی رژیم رۆیشت.

شەهید شوانە (سەید کەماڵ اسفرم) بە ناز ناوی تەشکیلاتی کوردۆ نەفرەتی خۆی و هاوڕێان و حیزب و میللەتەکەی ئاراستەی داگیر کەران کرد.

شەهید شوانە لە دیدارێکدا لە گەڵ ڕێزدار حسەین یەزدانپەنا سکرتێری گشتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان کۆ دەبنەوە وپاش ئەوەی کاك حسەین یەزدانپەنا لە بار و دۆخی وڵات و ناوچە و جیهان و دەورگێڕانی ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی گەل بۆ شێواندنی میکانیزمی جاشیەتی و فریوی خەیانەت و تینوویەتی گەل  بە ئازادی ئەدوێ و مەیدانی راستەقینەی خەبات بە نێو خۆی وڵات دەزانێ، شوانە لە ژێر ئاڵای کوردستان لە گەڵ برای شەهیدان سەعید و ڕەشیدی یەزدانپەنادا پەیمان دەبەستێ و بەرەو مەهابادی شاری کۆمار و ئازادی و ئاڵا دەگەڕێتەوە و پاش گەڕانەوەشی بەردەوام لەگەڵ RUK پێوەندی دەگرێت، شەهید شوانە کۆمەڵێك بەریلاو، و هەست پێکراو و بەرچاو چالاکی دەنوێنێ و بە زوویی دەبێتە چقڵی چاوی داگیر کەرانی وڵات و جاشە خۆفرۆشەکان و لە هەمان حاڵدا بەرەو شڵەژان و زراندنی خەوی نەیارانی گەلەکەی دەبزوێ.

شەهید شوانە ئێوارەی18ی پووشپەڕی 2705 کاتێ بڕیاری نوێ پێیە و بە تەمایە دەنگی تێکەڵ دەنگی گەلی کورد لە مەهاباد بکات وەك یەکێتی شۆڕشگێران حیزبەکەی کە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بە دۆست و هاوپەیمانی خۆی دەزانێ و شەهیدانی بە شەهیدی نەتەوە و نیشتمان، لە سەر هەمان هەڵوێست بەرنامەو پرۆگرامی زیندوو کردنەوەی خەباتی نەتەوایەتی لە شازدەهەمین ساڵە یادی د.قاسملووی نەمر دەر ئەکات و لە سەر کانییەك لە نیزیك مهاباد کۆ دەبنەوە.

بەڵام وڵاتفرۆشان راپۆرتیان لە سەر ئەدەن و جەلادەکان لە سەر دەستووری بەرپرسی دەزگای ئیتیلاعات هێرش دەکەنە سەری و برینداری دەکەن، شەهید شوانە بە برینداریش هەڵدێ و کەچی بە داخەوە ماشینەکەی وەردەگێڕێ و دەکەوێتە دەست جەلادەکان و ئەوانیش ماتۆر بە سەر سینگیا دێنن و پاشان لە ماشینی دەبەستن و جینایەتکارانە رایدەکێشن و شوانەمان شەهید دەبێتن و خەڵکی قارەمان و پێشمەرگە پەروەر و ئازادی پەرستی مەهاباد بۆ دەربڕینی نەفرەت لە جەلادەکان دێنە سەر شەقام و ناڕەزایەتی خۆیان لە ڕێژیمی عەمامە و ئاخووند و جەلاد و فیتوا دەرئەبڕن و ئیستاشی لە سەر بێ مەهاباد ئائارامەو کەس نەیتوانیووە لە بەر ڕەشەبای هەواڵی کۆچی تراژدیکی شوانەدا سەبووری بە خۆی بدات.

شوانەی شەهید، بووبە ڕەمزی خەباتی نوێیان و هەژاندنی کوردستانی رۆژهەلات بە تایبەت بۆکان، بانە، مەریوان،سنە و....هتد نموونەی پڕ بایەخبوونی شەهادەتەکەی شوانەی هاوسەنگەر مانە.

وەك سکرتێری گشتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە ڕێو ڕەسمی یادی شوانەدا لە هەولێر رایگەیاند: "ئەگەر دوێنێ شوانە ئاڵا هەڵگری ئازادی بوو ئەمڕۆ خۆی بووەتە ئاڵای ئازادیمان"؟

سڵاو لە گیانی شەهید شوانە

سڵاو لە گیانی پاکی سەرجەم

شەهیدنی کوردستان

بڕێ ئەوانەی ژان بە تۆڵە ئەستاندنی شوانەوە دەگرن.